# گفتوگۆ! یان (دەمەقاڵێ)؟*

## نەوزاد وەلـی

لە ژمارە 22 ی (پەیام) ی ئازیزدا کاك جەلال دەباغ دەربارەی "هەڵوێست لـە سیاسەت و حزبایەتی"یەکەی وتارێکی بلاوکردووەتەوە ، گوایە گفتوگۆی باسەکەی ئەکات ، بەڵام لە ڕاستییدا زیادتر لە (مەلا تەقتەقێنە و دەمەقاڵێ) ئەچێت و تەنیا هێرشکردن و تانە و توانجە بۆ سەر ئەو کەسانەی کە گفتوگۆی باسەکەیان کردووە و پوچەڵکردنەوەی بۆچوون و بیروڕاکانیان دەربارەی ئەو باسەی کە خۆی داوای گفتوگۆکردنی کردووە! بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕییش (پەلامار – ئەمە دەربڕینی خۆیەتی) ئەبات و گاڵتە بە دەربڕینەکانی نوسەرەکان ئەکات!

سەیریش لـەوەدایە کە بەرپەرچی یەك بە یەکی هەموو بیروڕاکانی ئەو خەڵکە ئەداتەوە و (زەرب) ئەهێنێت بەسەر یەك بە یەکی بیروڕاکاندا و خۆی بە خاوەنی حیزبەکەی خۆی و وەکیلی حیزبەکانی تریش ئەزانێت! و داکۆکیی لـە هەموو سیاسەتی ڕاسترەوەکانیش ئەکات کە ئەوەش خۆی لـە خۆیدا جۆرێکە لـەو حیزبایەتییە چەوتەی کە من باسم کردووە.

من دوژمنی لایەنەکانی کوردستان نیم ، دوژمنی شەهیدان نیم ، هەمیشە سەری ڕێز و نوازشیان بۆ نەوی ئەکەم ، چونکە باوەڕم بەوە هەیە کە دەستکەوتەکانی گەلـەکەمان بەرهەمی خوێنی ئەوانە.

ڕێزیشم بۆ هەموو لایەنێکی کوردستانیی هەبووە و هەیە ، لـەو ڕوانگەیەوە کە هەموو کەس و کۆڕوکۆمەڵیك ، توشی هەڵـە ئەبێت و هەڵـە ئەکات ، مەرجیش نیە هەموو هەڵـەیەك تاوان و خیانەت بێت ، بەڵام ئەو ئەیەوێت وا پیشانی بدات کە من دوژمنی لایەنەکان و شەهیدانم ، لـە کاتێکدا کە وتارەکەم بەراوردکردنێکە لـە نێوان سیاسەت و حیزبایەتی و سەرکردەکانی جاران و ساڵانی دوای ڕاپەڕین. قوربانییدانی جارانی ڕۆڵـەکانی کورد و (کوژراوانی) ساڵانی کوردکوژیی دوای ڕاپەڕین.

مەبەستەکان لـە وتارەکەمدا هاوارئەکەن کە **ئەگەر ڕۆشنبیری کورد حیزبییەکی ملکەچ نەبێت! ئەبێت ڕازیی نەبێت بەو بارودۆخەی کوردستان و پارچەپارچەکردنی! ئەبێت دەنگ بەرزبکاتەوە و ناڕەزایی و بێزاریی دەرببڕێت و ڕەخنە لـە گەورە و بچوکی لایەنەکان بگرێت و سیاسەتە هەڵـەکانیان ئاشکرا بکات** کە ئەوەش لای ئەو بە تاوان لـە قەڵـەم ئەدرێت!

**من لام وایە ئەبێت مرۆڤە حیزبییە هۆشیارەکان ئەگەر بەڕاستیی دڵسۆزی گەل و نیشتمان و بیروباوەڕ و لایەنەکەیان بن ، ئەبێت پێش کەسانی بێلایەن بکەون لـە بەرەنگاربوونەوەی هەڵـە سیاسییەکاندا.**

بە هەر حاڵ بە گاڵتەجاڕییەوە هەندێك پرسیاری کردووە کە ناکرێت وەڵام نەدرێتەوە و ناتوانم لـە هەندێك لـە تانە و تەشەرەکانی بێدەنگ ببم.

+ لـە سەرەتادا ئەڵێت: باسی "هەڵـوێست لـە سیاسەت و حزبایەتی" بۆ گفتوگۆ خراوەتە ناوەوە ، نەك ساردبوونەوە لـە حزبایەتی و بەس!

گومانم لـەوە نیە کە لای وایە ساردبوونەوە و دورکەوتنەوەی ئەو خەڵکە لـە حیزبایەتی (هەڵـوێست) نیە! تۆ بڵێی ئەمە مەتەڵ بێت!

+ لای وایە من ڕەچەتەی خۆشییبینین و دەوڵـەمەندبوون ئەنوسم و هانی خەڵکەکە ئەدەم واز لـە حیزبایەتی بهێنن و کۆچ بکەن لـە کوردستان!...

بەڕاستیی سەیرە .. ئەرێ ئەوە منم هانی دەیان هەزار کورد ئەدەم کە ڕێگای هات و نەهاتی پەنابەریی بگرنەبەر؟

ئەگەر لای وایە ئەوە کەسانی بێلایەن و (سیاسییە نوێیەکانی ئەوروپا)ن کە خەڵکەکە هانئەدەن کۆچ بکەن لە کوردستان ، کەواتە ئەوەش نیشانەی هەڵەی سیاسییەکانی کوردستانە کە ئەو خەڵکە گوێ لە ئاوارەکانی ئەوروپا ئەگرن و نیشتمانەکەیان بەجێئەهێڵن!

ئەرێ ئەی کێ خۆی هانداوە کە زیادتر لە 10 ساڵە بە خاووخێزانەوە لە سوید گیرساوەتەوە؟

+ بە پێچەوانەی واقیعەوە ، دەربارەی ساردبوونەوە و دورکەوتنەوەی خەڵکەکە لە حیزبایەتی ، ئەڵێت: ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو لەشکرەی "خەڵك" زیادتر ئەبێت!

نازانم مەبەستی لە لەشکری کام حیزبە!

+ لای وایە کە گلۆباڵیزم یان وەك چەپە عەرەبەکان ئەڵێن (عەولەمە) ، تەنیا کارێکی ئیمپریالیی و ئەمێریکییە و ..تد ، لە کاتێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیا کە بەگشتیی ئەمڕۆ هەر لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانەوە هەڵئەقوڵێت! ئەم دنیایەی کردووە بە گەڕەکێکی بچکۆلە و ئامێرە نوێیەکانی بەرهەمهێنانیش بەبێ ئەوەی پرس بە سەرمایەدار و کۆمونیست بکەن! مەرجە نوێیەکانی خۆیان ئەسەپێنن بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تەنانەت تەواوی زیندەوەرانی سەر ئەم زەمینەدا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئابوری و ڕەوشتییەکانیش ئەگۆڕن! لێرەدا مەبەست لە گۆڕینی (جینەکان) و دەستکارییکردنیانە و کۆپیکردنی گیانداران و مرۆڤ کە گفتوگۆیەکی تەواوی دروستکردووە لە ئەوروپادا.

کەواتە ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەیەکی (سۆڤیەتی)یەوە سەیری مەسەلەکە نەکرێت ئەوا ئەو گلۆباڵیزمە بریتییە لە سێکوچکەی:

- عەقڵیەتی نوێ
- ئامێری بەرهەمهێنانی نوێ
- پەیوەندییە نوێیەکان

ئەوجا ئەم پەیوەندییە نوێیانەیە کە هەر کەسە و هەر کۆڕوکۆمەڵێك و چین و توێژێك لە ڕوانگەی بیروباوەڕ و بەرژەوەندی خۆیەوە بۆی ئەچێت. منیش وەك زۆربەی مرۆڤی ئەم دنیایە لام ڕەوا نیە کە سەرمایەداران مەرجەکانی خۆیان سەپاندووە لەم پەیوەندییانەدا.

بەڵام ئەو ئەیەوێت من وەك سەرمایەدار و (دەوڵەمەند) و لایەنگری (عەولەمەکەی ئەمێریکا) بناسێنێت بە خوێنەرانی پەیام.

+ دەربارەی کاریگەریی پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیا بۆ سەر حیزبایەتی ، ئەڵێت: ئەم پێشکەوتنە کاری حیزبایەتی زۆر ئاسانتر کردووە.

بەوەش ئەیەوێت ئەوە پێشانبدات کە حیزبەکانی کوردستانیش پێشکەوتوون! چونکە ساتیلایت و ئینتەرنێتیان هەیە!

دیارە وا ئەزانێت کە کوردی ئەوروپا ئاگای لەوە نیە و تەنیا گلەییان لە ڕاگەیاندنەکانیانە نەك سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانیان!

پێدەچێت ئەو ڕاستییە نەزانێت کە ئەگەر ئەو حیزبانەی کوردستان بە هەمان عەقڵیەتی سەدەی پێشوو بیربکەنەوە ، ئەوا هەزار ساتیلایت و ئینتەرنێت و پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیا داڵدەیان نادات!

+ من بۆیە لە خاڵی یەکەمی وتارەکەمدا (گەیاندنی هەواڵەکان)م بۆ نمونە هێناوەتەوە ، چونکە کەسانێك هەبوون ، باوەڕیان بە هیچ هەواڵێك نەئەکرد تا لە ڕادیۆی مۆسکۆوە نەیانبیستایە!! تا ئێستاش لە وڵاتانی ئەوروپادا کەم نین نوێنەر و بەرپرسانی ئەو لایەنانەی کە لە وەڵامی پرسیاری هاونیشتمانییاندا دەربارەی کارەساتەکانی کوردستان ، ئەڵێن: هێشتا هەواڵمان بۆ نەهاتووە لە خوارەوە!

+ دەربارەی خاڵی دووەمی وتارەکەم لە تێکەڵاوبوونی لاوانی کورد لەگەڵ گەلانی ئەوروپا و بەراوردکرنی کولتور و داب و نەریتیان و ... تد ، ئەڵێت: ئەم تێکەڵاوبوونە هۆکارێکی پۆزەتیڤە بۆ حزبایەتی...

خۆزگە بە ڕاستگۆییەوە و بە ژمارە یا بە ڕێژەیەك بینوسیایە چەندن ئەوانەی لە مناڵانی سەرکردە و کادێرەکان و دراوسێکانیان! کە چوونە وڵاتە کۆنە سۆشیالیستییەکان بۆ خوێندن و بۆ (ئیڤانۆڤا) و پاش تەواوکردنی خوێندنەکانیان گەڕانەوە بۆ ناو حیزبەکانیان؟ یان هەر هیچ نەبێت کۆلکە دۆستایەتییەکیان مابێت؟

ئەگەر پۆزەتیڤیی ئاوا بێت ئەی ئەبێت نێگەتیڤیی چۆن بێت؟

+ دەربارەی ئازادیی بیروباوەڕ لە ئەوروپادا کە لە وتارەکەمدا باسم کردووە ، ئەڵێت: هەروەك ئەمە خێر و بەرەکەتی ڕژێمی سەرمایەداریی بێ بۆ ئەو گەلانە!..

سەد خۆزگە ڕژێمی سۆشیالیستیی و دەیان ساڵی بەرەی سۆشیالیستیی و 72 ساڵی ڕژێمی بەناو کۆمونیستیی سۆڤیەتیی ، چارەکێك لەو مافی مرۆڤ و ئازادییەی ئەوروپایان بۆ گەلەکانیان دابین بکردایە ، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەی پەنابەرانی وڵاتانی دنیای سێیەم و وڵاتە دیکتاتۆریی و نامرۆڤایەتییەکان ، لەژێر سێبەری ئەواندا بحەواینایەتەوە ، نەك لەژێر سێبەری سەرمایەدارییدا!

+ هەر دەربارەی ئازادیی لە ئەوروپادا ، پرسیاری ئەوەم لێدەکات کە: بۆچی باسی کوشتنی کوردەکەی ئەڵمانیا بە دەستی نازیستە تازەکان ناکات؟ بۆ باسی ملیۆنان کرێکاری بێکار ناکات؟ ..تد.

بەڕاستیی پرسیارەکانی لە جێی خۆیاندان ، منیش لە وەڵامدا ئەڵێم ، لە ساڵی 1998 دا زنجیرەیەك وتارم نوسی و لە سەر داوای بەڕێزم کاك عەزیز محەمەد یەکەم بەشیم نارد بۆ (ڕێگای کوردستان) و بڵاوکرایەوە ، لەپێناوی زوو گەیشتندا ، بەشەکانی ترم نارد بە ڕێگای مەکتەبی حیزبی شیوعی عێراقدا لە شام ، چەند جارێك لە (ڕێگای کوردستان)ـەوە داوای بەشەکانی تریان کرد ، بەڵام وا دیارە تا ئێستاش نەگەیشتوون! جا ئەگەر بە ئەرکی نازانێت با لە گەڕانەوەیدا بۆ سوید ، داوایان لێبکات ئەو وتارانەی بدەنێ و بیخوێنێتەوە (ئەگەر لەلایان ماوە!) ، ئەوسا ئەزانێت کە لەبری وتارێك دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە کردوویەتی! من زنجیرەیەك وتارم نوسیوە. ئەگەر ئەتوانێت با بەو هاوڕێ عەرەبانەشی بڵێت کە ئەگەر نوسراوێکی کوردییان بۆ چوو با سەری نەخۆن و وەك ئەمانەتێك بینێرن بۆ شوێنی خۆی!

+ سەیرە ، بە من ئەڵێت: لە یەکێك لە پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەوروپادا ئەژی.

ئەگەر خوێنەرێکی بەڕێزی پەیام نەیناسێت ، ئەوا ئەزانێت کە خۆی لە خانووە لەتەنەکەدروستکراوەکانی ئەنفالکراوەکاندا ئەژی! بەڵام دڵنیام لەوەی کە هەندێك لە خوێنەران ئەزانن کە ئەو بۆ خۆشی لە (بەهەشتەکەی سویدی سەرمایەداریی)دا ئەژی! دیارە ئەو پەندە کوردییە باوی نەماوە کە ئەڵێت: خۆی ماڵی لە شوشەیە و بەرد ئەگرێتە خەڵك.

+ کێشەی فیکریی بەو شێوەیە لێکئەداتەوە کە خۆی پێی خۆشە و لای وایە بە سود گەڕاوەتەوە بۆ حیزبەکان! خۆ منیش گلەییم لەوە نیە و ئەو بۆ خۆی ئازادە لە بیرکردنەوەدا و چۆن لە دیاردەکان تێئەگات ، بەڵام کاتێك کە بیروباوەڕی جیاواز سەرکوت بکرێت و خاوەن بیروباوەڕە جیاوازەکان کەنار بخرێن ، زیندانیی بکرێن ، فەلاقە بکرێن ، دوربخرێنەوە و دەربکرێن لە حیزبەکانیان و حیزبێکیش کە (ڕۆژ بە ڕۆژ بچێتەوە ئاو) ، ئەبێت ئەو لایەنە بەهێزەی کێشەی فیکریی کامە بێت کە ئەو باسی ئەکات؟ ئەگەر بەم ڕۆژگارە سەدان کۆنەپێشمەرگە ، کۆنەکادێر ، ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبانە ڕیزەکانیان بەجێبهێڵن و بێنە ئەوروپا! ئەگەر ئەمە ، وەك ئەو ئەڵێت:(سەرچاوەی پێگەیشتن و بە خۆدا هاتنی حزبەکان).... بێت!

هیوادارم بە نسیبی هیچ حیزبێك نەبێت.

دیارە لێرەدا وا ئەزانێت کێشەی فیکریی ناو حیزبەکانی ئەوروپا لە کوردستانیشدا هەروا سەیرئەکرێت و مامەڵەی لەگەڵ

ئەكرێت!

+ دەربارەی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر و هاوتاش لاوازبوونی باوەڕیان بە سەرکردەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و ... تد. وەك حیزبییەکی دڵسۆز بۆ حیزبە هاوپەیمانەکانی و هەر وەك ئەوەی کە خۆشی یەکێك بێت لەو سەرکردانە! ئەڵێت: .. وانیە .. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت دەتوانن بیانگۆڕن نەك لە حزبایەتی ساردببنەوە..

لەوە ئەچێت کە زۆر بە پەلە ئەو دێرانەی خوێندبێتەوە بۆیە منیش دیسان ئەوە دووبارە ئەکەمەوە و ئەڵێم: **کام سەرۆك یان سکرتێری لایەنێك لە کوردستان و ناوچەکەدا ئەگەر بە نەخۆشیی و پەککەوتەیی و مردن نەبێت لاچووە (لەسەر کورسییەکەی)؟** کێ لایان ئەبات؟ وا هەر لە سوریاوە بە عێراقەوە تا کوردستان! هەموو خزم و کەسیان لە دامودەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییە بەرزەکان و سەرکردایەتی حیزبەکانیاندا جێگیر ئەکەن و ئەمیش ئەڵێت با ساردنەبنەوە و بیانگۆڕن!

وا دیارە یان لە بارودۆخەکە تێنەگەیشتووە! یان باوەڕێکی پتەوی بەو جۆرە حیزبایەتییە هەیە! ئەگەرنا بۆ داکۆکیی لە سیاسەتی ئەوانی تریش ئەکات؟

+ ئەڵێت: لەناو حزبی چینی کرێکار و ڕەنجدەرانیشدا ڕێوشوێنی لێنینیانەی خۆی هەیە کە ئەگەر بە چاکیی پەیڕەو بکرێن ئەنجامی سەرکەوتووانەی چاك بە دەستەوە ئەدەن.

وا دیارە لای وایە لە 72 ساڵ دەسەڵاتی (حیزبی چینی کرێکار و ڕەنجدەران)دا لە سۆڤیەت و زیادتر لە نیو سەدەش لە وڵاتە کۆنە سۆشیالیستییەکاندا (ڕێوشوێنی لێنینیانە) و مەرکەزیی دیموکراتیی بە چاکیی پەیڕەو نەکرابوو!

+ دەربارەی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر کە من لە وتارەکەمدا باسم کردووە ، ئەو بە پێچەوانەوە ئەڵێت: بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی بۆ هەموو حیزبەکان سودمەندە و نابێتە هۆی ساردبوونەوە لە حیزبایەتی.

ئەگەر سودمەندیی ئاوا بێت!! ئەی ئەبێت زیان چۆن بێت؟ یان لای وایە ئەو هەزاران هاونیشتمانییەی کە کوردستان بەجێئەهێڵن کە زۆریان سیاسی و لایەنگر و ئەندامانی حیزبەکانن ، لە ئەنجامی (نزمبوونەوەی) ڕادەی ڕۆشبیرییانەوە ئەو بڕیارە ئەدەن!

+ بەڵێ ئەو (چیرۆکە)ی ئەڵمانیا مشتێکە لە خەروارێك ، تەنانەت تێلێفۆنکردنیش قەدەغەبوو ، هەر لەو کاتانەدا سەدان کەس لە ئەوروپا لەبەر سەفارەتخانەکانی عێراقدا خۆپێشاندانیان ئەکرد و کەس بیری لەوە نەئەکردەوە کە پیاوانی ڕژێم بیانناسن! بەڵام برا شیوعییەکانی ئەڵمانیای کۆنە (دیموکراتیی) ئەوەندە بە بەزەیی بوون!! لەبەر بەرژەوەندی هاوڕێکانیان ئەو کارانەیان ئەکرد و هەر لە بەرژەوەندی ئەوانیش سەدان پەیمانی بازرگانیی و سەربازیی و چەکفرۆشتنیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەبوو! هەر ئەوان و براکانیان بوون لە بەرەی سۆشیالیستییدا پێش وڵاتانی ئەوروپا کەوتن لە ڕیسواکردنی جینۆسایدەکانی بەعس بەرامبەر بە گەلەکەمان و بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەدا!! برایەتی ئەگەر وا نەبێت بۆچی باشە؟ کورد بە گۆترە نەیوتووە: ئەگەر دۆستی وات هەبێت! دوژمنت بۆچییە؟

تا ئێستاش باوەڕی بە (دیموکراتیی)یەکەی وڵاتە کۆنە سۆشیالیستییەکان هەیە ، ئەوەش مافی خۆیەتی ، بەڵام بەوەش سەغڵەت ئەبێت کە دیموکراتییەکەم خستووەتە ناو کەوانەوە ، دیارە ئەگەر بەو بێت ، ئەبێت ئەو دیموکراتییە! بە ئاوی ئاڵتون بنوسرێت!

+ دەربارەی خۆبەکوشتدان لە دوای ڕاپەڕین ، لە کوردکوژیی و لە پێناوی حیزبایەتی تەسکدا کە لە وتارەکەمدا هاتووە ، لای وایە کە ئەو خۆبەکوشتدانە لە پەیڕەو و پرۆگرامی هیچ لایەنێکدا باس نەکراوە و نیە ، منیش لەگەڵ ئەوەدام ، بەڵام ئایا (کوژراوانی) شەڕی کوردکوژیی و حیزبایەتی تەسك لە پەیڕەوی ناوخۆی چینە چەوساوەکانی گەلەکەمانەوە پەیڕەوکراوە؟ نازانم بۆچی بەوە خۆی سەغڵەت ئەکات و بەناوی لایەنە شەڕکەرەکانیشەوە داکۆکیی لەو خۆبەکوشتدانە ئەکات! وا دیارە

زۆربوونی (شەهید) بە نیشانەی ڕەوانیی سیاسی و ڕاکێشانی سۆزی جەماوەر ئەزانێت! لە کاتێکدا ئازا ئەو حیزبەیە کە بە کەمترین زیانی گیانیی و ماڵییەوە زۆرترین ئاوات و ئامانجی بەدیبهێنێت.

دیارە ئەو وتەیەی مارکس باوی نەماوە کە ئەڵێت: مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە! بۆیە ڕۆڵەی ئەو گەلە کڵۆڵە ، لە کوردکوژیی و شەڕی حیزبایەتیدا وەك بەشێك لە چەك و تەقەمەنی و دەزگاکانی شەڕ سەیر ئەکرێت!

+ لە باسی سیاسەتی چەوت و وێرانکارانەی لایەنەکاندا لە وتارەکەمدا ، ئەپرسێت کامەیە ئەو سیاسەتە و کامانەن ئەو حزبانە؟

وا دیارە بازیداوە بەسەر زۆربەی بڕگەکانی وتارەکەمدا! هەرچەندە وشەکانیشی ژماردووە و ئەڵێت نزیکەی 4000 وشەیە (وا ئەزانێت وەك هەندێك لە ڕۆژنامەنوسەکان منیش پارەی پێ وەرئەگرم و لەسەر ئەوە ئەژیم!) ، بەڵام ئەوەی نەبینیوە کە من ئەو لایەنانە بە لەمپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست ، ناو ئەبەم! هەموو ئەو سیاسەتە وێرانکارییانەی نەخوێندووەتەوە کە باسم کردوون! یان پێدەچێت ئەو سیاسەتانەی پێ ڕەوابێت!

+ بە گاڵتەجاڕییەوە بە من ئەڵێت: بە تەمای کردنەوەی کۆرسێکە لە ستۆکهۆڵم لەسەر چەپی کورد و بەرەی چەپی ڕاستەقینە!

ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو لەو تەمەنە تێپەڕیوە کە باسی چەپی کوردیی بۆ هەزم بکرێت! ئەگەرنا پێش ئەوە با ئەو وتارەم بخوێنێتەوە کە پێش چەند ساڵێك لەسەر چەپ نوسیومە و ساڵی پار لە ژمارە 63ی ڕزگاری دا لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە ئەوروپاش نەك لە وڵاتە کۆنە سۆشیالیستییەکان! سەدان سیمینار و کۆڕی جیاجیا لەسەر کێشە هەمەجۆرەکانی کورد و کوردستان و سیاسەتی کوردیی ئەگیرێ و بێگومانیشم لەوەی کە کۆرسێك دەربارەی (چەپی کورد) زۆر کەس بەشداریی تیادا ئەکات وەك لە کۆرسێك لەسەر (حیزبایەتی کلاسیکیی) یان (دیکتاتۆریی پرۆلیتاریی) و (بوژاندنەوەی ستالینیزم)!!! جا ئەو کاتە گرنگ نیە کێ ئەو کۆرسە ئەگێڕێت و کێ بەشداریی تیادا ئەکات.

+ ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستانی تێکەڵکردووە لەگەڵ حیزبایەتی تەسك و کوردکوژییدا و ئەڵێت: ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستان کە نوسەر لە پێشەوە باسی کردبوون ، لێرەدا بوونەتە (هیچ)!

برواناکەم خوێنەرێکی بەڕێزی پەیام بەو شێوە سادەیەی ئەو ، بابەتەکانی پەیام بخوێنێتەوە! ئەگەرنا چۆن ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کوردستان لەو وتارەی مندا تێکەڵ ئەکات لەگەڵ (خۆبەکوشتدان)ی ناڕەوا لەپێناوی حیزبایەتی تەسك و کوردکوژییدا! کە من ئەمەیانم ناوبردووە بە لەپێناوی (هیچ)دا.

+ بە سەرسوڕمانەوە ئەپرسێت: کادێری کام حزب بە پارەی سۆشیالەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان؟..

سەیرە ، هەر ئەڵێی لە سویددا نەژیاوە! کێ هەیە دەیان لێپرسراوی سەرجەمی لایەنەکان نەناسێت کە بە (نیعمەتی سۆشیال) هاتوچۆی نێوان کوردستان و ئەوروپا ئەکەن؟ لەوانەیە هەندێك لە ئەندامانی لایەنە (گومرگدارەکان) کەمتر پێویستیان بەو (خێر و بەرەکەتە) هەبێت! ئەی کێ هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان چەندان لێپرسراو نەناسێت کە خێزانەکانیان لە ئەوروپا بەجێهێشتووە و لە کوردستان بۆ جاری دووەم و سێیەمیش ژنیان هێناوەتەوە؟

ئەگەر سیاسی و حیزبییەك دڵسۆزی ژن و منداڵی خۆی نەبێت و لەپێناویاندا تێنەکۆشێت کە ساڵانێکی زۆر هاوخەمی پێشمەرگایەتی و دەربەدەریی و کۆڵەمەرگیی بووە! چۆن ئەتوانێت خزمەتی گەلەکەی بکات کە خێزانەکەی خۆی بەردێکی بناغەی قەوارەی ئەو گەلەیە؟

سەیرە ، لێرەشدا داکۆکیی لەو کەسانە ئەکات!

+ لە کۆتاییدا ئەڵێت: وا پێدەچێ نوسەر خۆی لە گێژاوێکی توندی فیکریدا بژی.

بەڕاستیی لێرەدا باش بۆ ئەو (گێژاوە) چووە و تەنیا مەبەستێکیشی لەو بەناو گفتوگۆیەدا هەر ئەوەیە!

ئەگەر نوێکاریی ، تازەگەریی ، گۆڕانکاریی ، خۆگونجاندن لەگەڵ شۆڕشی نوێی تێکنۆلۆجیا و ئامێرە نوێیەکانی بەرهەمهێناندا ، دەرچوون لە قاڵبی کۆنی بیرکردنەوە و حیزبایەتی کلاسیکیی و وەڵامدانەوەی پرسیارە نوێیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ، گێژاوی فیکریی بێت! ئەوا خۆشبەختانە من و هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە ستەمدیدەیەی ئێمە لەم گێژاوەدا ئەژیین و سەد خۆزگە ڕۆژێك زووتر توشی ئەم گێژاوە ببووینایە!

ئەگەر چەپی کورد بەرژەوەندی ڕوتەیەکی کورد نەگۆڕێتەوە بە بەرژەوەندە بەرزەکانی عەرەب و فارس و تورك و ڕوس!

ئەگەر دەروێشی نەتەوە داگیرکەرەکەی خاك و گەلەکەی خۆی نەبێت!

ئەگەر لای وا بێت خاکی کوردستانەکەی داگیرکراوە و خەبات بکات لەپێناوی قەوارەیەکی سیاسیدا!

ئەگەر بانگەشەی ئاشتیی و تەبایی نێوان ڕۆڵەکانی گەلەکەی بکات!

ئەگەر داوای ڕاستکردنەوەی هەڵە سیاسیەکان و بەلاداکردنی شێوازی کۆنی حیزبایەتی بکات و پشتکردن لە زەبروزەنگ و ستالینیزم و دیکتاتۆریی!

ئەگەر بەرژەوەندەکانی گەلەکەی پێش بەرژەوەندە هەمەجۆرەکان و حیزبییەکان بخات!

ئەگەر داوای یەکبوونی ڕۆشنبیران و بەلاداخستنی کێشە لاوەکییەکانیان بکات!

ئەگەر داوای بەرەیەکی چەپ بکات!

ئەگەر خەباتی چینایەتی ، نەتەوایەتی و نیشتمانیی بەیەکەوە گرێبدات و بە هیچ شێوەیەك سازشیان لەسەر نەکات!

ئەگەر هەر یەکێك لەم ئەگەرانە و سەرجەم هەمووی ، گێژاوی فیکریی بن کە جەلال دەباغ بە سایەی خواوە لێی بە دورە!!! ئەوا بە شانازییەوە ئەیڵێم کە من لەم گێژاوەدا ئەژیم.

+ لای وایە ئەوەی کە حیزبیی بێت ئیتر نابێت باسی کەموکوڕیی و هەڵەی حیزبەکەی و حیزبەکان بکات! ئەوەش بە لادان لە (زەبت و ڕەبتی) حیزبیی و سەرجەمی (نۆڕمەکان) لەقەڵەم ئەدات!

هەروەك لە وتارەکەمدا وتوومە ، ئەوەتا خۆی دانی پیادا ئەنێت کە مرۆڤی حیزبیی ئەبێت (سەرباز) بێت و نابێت بیروڕای جیاوازی هەبێت و ئەبێت پەیڕەویی (مەرکەزییە دیموکراتییەکە) بکات!

+ لای وایە کە ئەوەی حیزبیی بوو ئیتر نابێت بێزار ببێت! دیارە ئەو هەموو بێزارییەی من لە وتارەکەمدا ، وەك یەکێك لە دەیان هەزار هاونیشتمانیی کوردستان ، بە بێزاریی نازانێت!

خۆشی نازانێت چی ئەڵێت! لەلایەکەوە ئەڵێت با بێزاربووەکان حیزبەکانیان بەجێنەهێڵن و سەرکردە و سیاسەتەکانیان بگۆڕن! لەلایەکی تریشەوە لای سەیرە کە من و دەیانی وەك من هێشتا کاری سیاسی و حیزبیی ئەکەین!

من بەشبەحاڵی خۆم کابرایەکی (وشك) نیم ، لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە باوەڕم بە گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوون هەیە ، تا تروسکەیەکیش لەو گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوونە لە لایەنەکەمدا بەدی بکەم ، هەر حیزبایەتی ئەکەم.

+ ئەوەش دووپات ئەکەمەوە کە باوەڕم هێجگار پتەوە بە ڕۆشنبیران و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە ، هەر ڕۆژێك ئەبێت کە تواناکانیان یەکبخەن ، با ئەو بڵێت (حزبایەتی بە جەماوەرەکە ئەکاتەوە) ، بۆ من گرنگ نیە ، گرنگ ئەوەیە کام حیزبایەتی؟ لەسەر کام بنچینە و کام پرۆگرام؟ بێگومان هەموو ئەزانین مەبەست لەم حیزبایەتییە ئەو حیزبایەتییە کلاسیکییەی ئێستای کوردستان نیە کە ئەو بانگەشەی بۆ ئەکات و داکۆکیی لێئەکات!

+ لە چەند جێیەکی نوسینەکەیدا ئەڵێت: کورتەی بیروڕای خۆم دەربڕیوە.

بەڕاستیی سەیرە ، لای وایە خۆی بۆی هەیە بیروڕای خۆی دەربڕێت ، بەڵام کەسانی تر بۆیان نیە بیروڕای خۆیان دەربڕن و

گفتوگۆی ئەو باسە بکەن کە خۆی داوای کردووە!

پێدەچێت کە لـە ڕوانگەی (دیکتاتۆریی پرۆلـیتاریی)یەوە ئەڕوانێتە بەرامبەرەکانی و بە (ناپرۆلـیتار) و (لادەر) ئەیانبینێت!

بۆیە بەو شێوەیە ڕێز لـە بیروڕای جەماوەرەکەی و هاوڕێکانی ئەگرێت!

ستۆکهۆڵم 9-4-2000

*** لـە گۆڤاری (پەیام) دا ، ژمارە 23-24 ی ساڵی 2000 بڵاوکراوەتەوە.**